# پێکهێنانی ژیانی هاوسەریت بە خۆشەویستی بوو یاخود رێککەوت؟ لە چ کاتێکدا هاوسەرەکەت توورە دەبێت؟

پیاوێک:

## من زووتر داوای لێبووردن لە هاوسەرەکەم دەکەم

ئافرەتێک:

## ئافرەت زوو دڵی دەشکێ و توورە دەبێت

پەیوەندی نێوان ژن و مێرد پەیوەندییەکی رۆحی و مرۆییە و دوورە لە بەرژەوەندی تاکەکەسی، ئەو خێزانانەی کەلەسەر بنچینەیەکی خۆشەویستی و لە یەکتێگەیشتن دامەزراون دوورن لە ئاژاوەی خێزانی و دابڕان و تۆرانیان، چونکە لە ئەنجامی تۆرانو لێک جودابوونەوە زۆر کات منداڵەکان تووشی زەرەروو زیان دەبن وئەوەش لە رووی پەروەردە و رۆشنبیری و تەندروستی دەگرێتەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی زەرەری کۆمەڵایەتی وخێزانیش، زۆر جار کە خۆشەویستی و تێگەیشتن پێش قۆناغی هاوسەرێتی هەبێت ئەوا دوا رۆژیان رووناک وگەشە، بەڵام ئەگەر پێش قۆناغی بەهاوسەربوون یەکتریان نەناسی و بە رێککەوت بوونە هاوسەر لەوانەیە زۆرجار تووشی دابڕان بن، بۆ ریپۆرتاژی ئەم جارە ئەو بابەتە دەوروشێنین لەگەڵ ئەو پرسیارەی چ کاتێک ئافرەت تورە دەبێت لە خێزاندا...

ریپۆرتاژ: دایکی کەژاڵ





**سەرەتا رومانكردە هاوسەران"شوان" و "سەمیرە"خان ئەوانیش سەبارەت بە پرسیارەكانمان گوتیان:**

"شوان" ماوەی ٧ساڵە ژنم هێناوە ئێستا واتە/٢٠٠٧ ٢١/٤جەژنی ڕۆژی هاوسەریانە و خاوەنی دوو كچین و بە ڕێككەوت خێزانەكەی خۆم خواست و هیچ پەیوەندییەكی خۆشەویستیمان نەبوو، بەڵام بە خۆشەویستی و یەكتر ناسینی پێشوو باشترە ژیانی هاوسەری پێك بهێنی چونكە تەباتر و گونجاوتر دەبن، كاتێكیش پێش بە هاوسەربوون ناسین هەبێت دەزانن چۆن داهاتوو دروست بكەن.

(سەمیرە) خۆشەویستی من و هاوسەرەكەم هەر وەكو سەرەتای هاوسەرییە و داخوازی كردم هاوڕێی براكەم بوو من نەمدەناسی هەر كە داوای كردم ڕازی بووم و خۆشم ویست، هەتا سەر خۆشەویستیمان بە هێزتر دەبێت و بە پاكی دەمێنێتەوە، هاوسەری سەركەوتوو لە ڕێكەوتوو خۆشەویستیدا هەر جارە و بە جۆرێكە واتە سەركەوتوو ناسەركەوتوو، ئێمە خاوەنی دوو منداڵین بەناوی شیلان و هێلین، هەروەها ئافرەت ئەوكاتە تورە دەبێت كە مافی نەپارێزرێ و زیادەڕۆیی لە بەرامبەری بكرێت.



**هەروەها"مەدحەد قادر" وسۆزان خان گوتیان:**

"مەدحەد" من خەڵكی كەریم و ماوەی چوارساڵە هاوسەرم هەیە و یەكتریمان خۆشدەویست و ئێستا لە نەمسا دەژین.

سۆزان كە سەرەتا بووینە هاوسەر تامەزرۆ بووین بۆ یەكتری ئێستاش هەر تامەزرۆی یەكترین، هەر كەسێك كە بیەوێ ژیانی هاوسەری پێك بهێنێ بە خۆشەویستی بێت زۆر باش و سەركەوتووە، چونكە پێش كەژاوەی هاوسەری شارەزای یەكتری دەبن، من لە بازاڕێكی گشتی لەنەمسا كار دەكەم و منداڵمان نییە، هەروەها زۆر هاوسەر هەیە بە ڕێكەوتیش یەكتریان هەڵبژاردووە لە خۆشەویستییە كە سەركەوتووترن، ئافرەتیش كە تورە دەبێت لە ناسكی خۆیەتی و زووش ئاشت دەبێتەوە.

**هەروەها گۆران ئەحمەد و خاتوو ژاڵەش گوتیان:**



"گۆران " دووساڵ و شەش مانگە هاوسەرین خاوەنی كوڕێكین بەناوی ئەحمەد، هەروەها كە ژنم خواست پێشتر خۆشم دەویست و ئامۆزای یەكترین، هاوسەری خۆشەویستی سەركەوتووترە لە ڕێكەوت، دیارە زیاتر ئاشنای یەكتری دەبێت.

ژاڵە خان: كە زوو یەكتریان خۆش بوێت دوای گلەیی لە كەس ناكەن، چونكە ئەو كوڕ وكچە دڵخوازی یەكتر بوونەوە و كەس نەهاتۆتە نێوانیان تا ببنە هاوسەری یەكتری، ئەوانەی شارەزای یەكتری نین سەركەوتوو نابن، كاتێك من زیز ببم یان گۆران هەر دووكمان یەكتری دەبوورین و زوو ئاشت دەبینەوە.

**هەروەها كاك ئیبراهیم خەیات و هاوسەرەكەی خاتوو(حەنیفە)**



ماوەی پانزە ساڵە ژیانی هاوسەریم پێكهێناوە و خاوەنی پێنج منداڵم، تائێستاش تووشی ئاژاوە وگێژاو نەبووین، ئێمە ئامۆزای یەكترین، هاوسەری خۆشەویست جوانترین هاوسەری لێ پێك دەهێنن، با لە یەكتری بكۆڵنەوە و شارەزای یەكتری بن تا دواڕۆژ تووشی كێشە نەبن، ئەگەر لە ماڵەوش خێزانەكەم تورە ببێت من زووتر دڵی چاك دەكەمەوە.

حەنیفە بەرای خۆم كچ و كوڕ هەر خۆبەپێكهێنانی هاوسەری دانەدەن شارەزای یەكتری بن زۆر باشە، یاخود یەكتریان خۆش بوێت، زۆر جار هاوسەری ڕێكەوت سەركەوتووە زۆر جاریش نا

**هەروەها كاك ستار و نەورۆزخانیش گوتیان:**



نەورۆز: ماوەی حەوت ساڵە هاوسەری ستارم خاوەنی دووكچین، من باوكم داوای لێكردم ژیانی هاوسەری لەگەڵدا پێك بهێنم ئێمە لە هاوسەریدا سەركەوتوو بووین، هەروەها ئافرەتیش بە نایەكسانی تورە دەبێت وزۆر شتی پێی قبوڵ ناكرێ،

جەبار: بە خۆشەویستی ژیانی هاوسەری پێك بهێنی باشە، ئەوش چارەنووسە و زۆر جار بە ڕێكەوتە و ناتوانێ لەو چارەنووسە دەرباز ببی.